بەهۆی لافاو و زریانەوە 14 کەس لە پاکستان گیانیان لەدەست دا

ماوەی چەند ڕۆژێکە هەر دوو هەرێمی بلوشستان و پنجابی پاکستان ڕووبەڕووی زریان و لافاوێکی زۆر بوونەتەوە، بە گوترەی زانیاریەکانیش تا ئێستە نزیکەی 15 کەس گیانیان لەدەست داوە.

ئەمڕۆ شەممە ، دەسەڵاتدارانی پاکستان بڵاویان کردەوە، بەهۆی ئەو زریان و لافاوەی هەر دوو هەرێمی بلوشستان و پنجابی لە باشووری خۆرئاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵات گرتووەتەوە، تا ئێستە لانی کەم 14 کەس گیانیان لەدەست داوە.

دەسەڵاتدارانی پاکستان سەرنجیان بۆ ڕووخانی چەندان خانوو و شوێنی گشتی ڕاکێشاوە و هەروەها گوتوویانە، چەندان خەزان ماڵەکانیان بەرەو شوێنی دیکە بەجێهێشتووە.

حکوومەتی پاکستان ئاماژەی بەوە کردبوو، زەربەی قوربانییەکان لە هەرێمی پنجابی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەن و زەربەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیش بەهۆی شەرتی کارەبایی یاخود داڕمانی خانوو و باڵەخانەکانەوە بووە و زەربەیشیان ئافرەت و منداڵ بوونە.